((خەلیل لە عەشقی ئەودا لە گۆڕ دەردەچیٚ، بەمە دەزانی حەسەن؟ پیٚبەندی دایکتە. بەرامبەر دایکت گومڕەشی(*) دەیگریٚ، دەیگوت مردنم چاکترە. لەوەی پیاویٚکی کە بچیٚتە باخەلٚییەوە... شتی وا دەبیٚت؟ وەرە حەسەن وەرە... سەری حەسەنی لەباوەش گرت، بە دەنگیٚکی نزمی چرپە ئاسا ((تۆ نازانی رۆلٚە، تۆ منداڵی گویٚ لە من بگرە. وا گەورە بووی و بووی بە پیاویٚکی ئازا و بویٚر، دەبیٚ دایکیٚ کوڕیٚکی ئازا و بویٚری وەك تۆی هەبیٚ و بچیٚتە باخەلٚی پیاویٚکی دیکەوە؟، وەرە وەرە پیٚشترەوە دەبا کەس گوییٚ لیٚ نەبیٚت... دایکت هەر شەوەی لە باخەلٚ یەکیٚ دەخزیٚ، ئاوایی هەمووی بەمە دەزانیٚ، کەسیش نەماوە ئەمەی نەبیستبیٚ و نەدیبیٚ... تا ئیٚستا تۆلٚەی باوکت نەکراوەتەوە، لەبەر جوانییەکەی کەسیش دەستی لیٚ ناچیٚ... دەبا هەر دەستیان لیٚی نەچیٚ، قیروسیا، ئەی تۆم بۆ چییە؟ ئەی تۆ چیت...؟... چۆن چاوت لە ئاستی خەلٚکاندا هەلٚدیٚ؟ تا ئەو رۆژەی دەمریت پیٚت نالٚیٚن حەسەنی دایك واوا لیٚکراو؟... تۆ چی دەلٚییٚ؟... ئەم پەلٚەیەی کە بەناوچەوانتەوەیە چۆنی دەسڕیتەوە؟... من بەم نزیکانە دەمرم، کوڕەکەیان کوشتم و تۆلٚەی خویٚنەکەیان نەکردەوەو کوڕەزاکەشم ئاوا بەدناو بوو...)).

کەمیٚ سەری حەسەنی لەخۆی دوورخستەوەو، تەماشای کرد... رووی حەسەن وەك رەنگی مردووی لیٚ نیشتبوو، داپیرە کە حەسەنی ئاوا بینی، پیٚی خۆشبوو... زانی نیشانی پیٚکاوە، تیٚکڕا منداڵ پیٚبەندی دایکە، گومڕەشی و جار لە باوکیشی دەکیٚشیٚ...

((هەرچەندە شەوانە نانوی، بەلاٚم چاودیٚری مەکە، دایکت فیٚلٚباز و زۆرزانە... ئافرەتیٚك لەگەڵ پیاویٚکی دیکەدا گونجابیٚ، با لە باوەشی میٚردەکەشی دابیٚ، بەنەخویٚنیشی بۆ کردبیٚتەوە گەر بیەویٚ خۆی هەر پیٚدەگەییٚنیٚ... بۆیە وازی لیٚ بیٚنە... دەتۆ بچۆ بۆ ناو دیٚ بپرسە، بزانە کەسیٚ هەیە دایکتی لە باوەش پیاویٚکدا نەدیبیٚ...)).

هەر نەیبڕییەوە، هەر ریٚسای و بە تەنیا چوو، هەزاران جار بە جوانی و شۆخیٚتی دایکیا هەلٚیدابوو، ئەمجارەش پەسنیٚکی جوانییەکەی دا...

کە لای داپیرە هەستا، بە لارە لار دەڕۆیشت وا خەم و ئازاریٚکی سەختیشی کەوتبووە دلٚ... سەرتاپای دەلەرزی... چوو بۆ ناو ئاوایی کیٚی تووش هات دواندیان... دانیشتووانی ئاوایی یەك دوو مانگ بەردەوام باسی سۆزانیٚتی دایکیان کرد. وشەکان لە میٚشکیدا دەزرنگانەوە، پیٚ و پووزی ئافرەتیٚکی جوان، رووی، برۆی، چاوی بەڕووت و قووتی شەوان لەگەڵ پیاویٚکی دیکەدا...

(*) گومڕەش: غیرە.

